Ministry of Health, Welfare and Sport

# جاڕنامەی دژی خەتەنەکردنی مێینە

## خەتەنەکردنی مێینە تاوانە و سزای یاسای لەسەرە.

هەمیشە ئەم بەیاننامەیە لەگەڵ خۆتدا ببە کاتێک دەچیتە دەرەوەی وڵات. دەتوانیت بەیاننامەکە پیشانی خێزانەکەت بدەیت. بەم شێوەیە دەزانن کە خەتەنەکردنی مێینە لە هۆڵەندا قەدەغەیە. دایکان و باوکان ئەگەر کچەکەیان خەتەنە بکەن، ئەگەری هەیە کە سزای زیندانیکردنیان بەسەردا بسەپێنرێت.

**شانشینی هۆڵەندا**

**خەتەنەکردنی مێینە تاوانە و سزای یاسایی لەسەرە، چونکە بە یەکێکە لە قورسترین دەستدرێژیکردنەکانی سەر ئافرەت دادەنرێت. خەتەنەکردن پێشێلکاری کردنە سەر مافی منداڵان و ژنانە.**

**لە هۆڵەندا خەتەنەکردنی مێینە قەدەغەیە. تاوانبار دەکرێت تا 16 ساڵ سزای زیندانی بدرێت.**

## خەتەنەکردنی مێینە قەدەغەیە

لە هۆڵەندا هەر جۆرە خەتەنەکردنی مێینە قەدەغەیە. هەر کەسێک لە هۆڵەندا خەتەنەی کچان ئەنجام بدات یان بەشداری لە ئەنجامدانی بکات سزادەدرێت. ئەمە بۆ هەموو کەسێک کە لە هۆڵەندا دەژی جێبەجێ دەبێت، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە مۆڵەتی مانەوەیان نییە. دایک و باوکانێک کە کچەکانیان لە دەرەوەی وڵات خەتەنە دەکەن یان دەیدەن بە خەتەنەکردن، دەکرێت لە هۆڵەندا سزا بدرێن. هەروەها ئەندامانی خێزان یان کەسانی تریش دەکرێت سزا بدرێن ئەگەر کچێک کە لە هۆڵەنداوە چووبێت خەتەنە بکەن یان بیدەن بە خەتەنەکردن، تەنانەت ئەگەر لە هۆڵەنداش نەژین.

# سزای خەتەنەکردنی مێینە

خەتەنەکردنی کچان لە هۆڵەندا وەک جۆرێک لە ئازاردانی منداڵان سزای یاسایی هەیە. سزاکە لە سزای دارایی (پارە) تا 16 ساڵ زیندانی دەگۆڕێت. دادوەر بڕیار لەسەر قورسی سزاکە دەدات (بەپێی ماددەکانی 300 تا 304 ی یاسای سزادانی هۆڵەندی).

دایک و باوکانێک کە خۆیان کچەکانیان خەتەنە دەکەن، دەکرێت سزایەکی قورستریان بەسەردا بسەپێنرێت (بەپێی ماددەی 300، بەندی 1.1 ی یاسای سزادان).

هەروەها دایک و باوکان سزا دەدرێن ئەگەر:

- ئامادەکاری بۆ خەتەنەکردن بکەن
- داوا لە کەسێک بکەن خەتەنەکە ئەنجام بدات
- یارمەتی لە خەتەنەکردندا بدەن

دایک و باوکانێک کە بە هۆی خەتەنەکردن یان دانی کچەکەیان بە خەتەنەکردن سزا دەدرێن و پاسپۆرتی هۆڵەندییان نەبێت، مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە چیتر ڕێگەیان پێ نەدرێت لە هۆڵەندا بمێننەوە.

**ئەو کچ و ئافرەتانەی خەتەنە کراون بە هیچ شێوەیەک سزا نادرێن و هیچ کێشەیەکی یاساییان بۆ دروست نابێت.**

## تەندروستییەکانی خەتەنەکردنی مێینە

کچان لە کاتی خەتەنەکردندا دەکرێت خوێنێکی زۆر لەدەست بدەن. هەروەها دەکرێت تووشی هەوکردنبن. ئەمەش دەبێتە هۆی نەخۆشی سەخت یان تەنانەت مردن. دوای خەتەنەکردن لەوانەیە بەردەوام کێشەی تەندروستی وەک ئازار لە کاتی میزکردندا تووشیان ببێت. هەروەها لەوانەیە تووشی کێشەی سوڕی مانگانە و هەوکردن و کێشەی سێکسی ببن. هەروەها ئەگەری هەیە ببێتە هۆکاری دروستبوونی نەزۆکی و کێشە لە کاتی منداڵبووندا. هەروەها دەبێتە هۆی تووشبوون بە خەمۆکی و تێکچوون و دڵەڕاوکێ. زۆرێک لە ژنان بە درێژایی ژیانیان بەدەست ئەم کێشانەوە دەناڵێنن.

## بۆچی ئەم بەیاننامەیە؟

جاڕنامەی دژی خەتەنەکردن وەک بەڵگە بۆ کچان و دایک و باوکان دانراوە. دەتوانن ئەمە پیشانی خێزانەکەیان بدەن و کەسانی کە. جاڕنامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە خەتەنەکردنی مێینە لە هۆڵەندا تاوانە و سزایی لەسەرە. ئەگەر تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش ڕوویدات. هەم ئەو کەسەی کە خەتەنەکە ئەنجام دەدات و هەم ئەوکەسەی کە کار ئاسانی بۆ ئەنجامدانی دەکات، سزا دەدرێن.

## خەتەنەکردنی کچان چییە؟

خەتەنەکردنی کچان بریتییە لە دەستکاریکردنی ئەندامی زاوزێی دەرەوەی مێینە بەبێ ئەوەی لەڕوی پزیشکیەوە پێویست بێت.

## ئەگەر گومانت لە خەتەنەکردنی مێینە هەبوو چی بکەیت؟

پەیوەندی بکەن بە Veilig Thuis.

**دەتوانرێت ئەمە لە ڕێگەی**

**0800 2000**

(بەخۆڕایی، 24 کاژێر لە ڕۆژێکدا بەردەستە)

**یان لە ڕێگەی**

**veiligthuis.nl پەیوەندی بکەیت.**

## لە کوێ دەتوانیت یارمەتی وەربگریت؟

ئایا هیچ پرسیارێکتان هەیە سەبارەت بە خەتەنەکردنی مێینە یان ئەم جارنامەیە؟ ئەگەر پرسیارت هەیوە ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە دکتۆریماڵەوەت، Veilig Thuis یان GGD یەوە.

دەتوانیت GGD ناوچەکەی خۆت لە
**vzinfo.nl/gebiedsindelingen/preventie** بدۆزیتەوە.

زانیاری زیاتر دەتوان لە **Meisjesbesnijdenis.nl**
و **fsan.nl/vgv** بدۆزنەوە.

دەتوانیت بەبێ ئەوەی ناوی خۆت بڵێیت، باسی ئەو دۆخە بکەیت کە تێیدایت یان باسی دۆخێک بکەیت کە گومانت هەیە لەسەری. کارمەندانی ماڵی ئارام (Veilig Thuis) ئامادەن گوێت لێ بگرن و ڕاوێژت پێ بکەن. بۆ نموونە، دەتوانن پێت بڵێن کە بۆ یارمەتی دروست دەبێت بچیت بۆ کوێ.

ئایا لە دەرەوەی وڵاتیت و پێویستت بە یارمەتی هەیە؟ پاشان پەیوەندی بکەن بە سەنتەری پەیوەندی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە تەلەفۆنی

**+31 247 247 247**

یان نامەیەکی واتسئەپ بنێرن بۆ

**+31 68 23 87 796**

ئەم جاڕنامەیە کچان لە خەتەنەکردن دەپارێزێت. ئێمە دەمانەوێت کچان بە تەندروست گەورە بن. هەروەها جەخت لەوە دەکەینەوە کە ژنان و کچان مافی خۆیانە بڕیار لەسەر جەستەی خۆیان بدەن.

Ministry of Health, Welfare and Sport

وەزیری تەندروستی، خۆشگوزەرانی و وەرزش

Ministry of Justice and Security

وەزیری پاراستنی داد

Ministry of Social Affairs and Employment

وەزیریی کاروباری کۆمەڵایەتی و دامەزراندن

Ministry of Education, Culture and Science

وەزیری پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانست

وەزیری خوێند سەرەتایی و ناوەندی

Ministry of Foreign Affairs

وەزیری دەرەوە

وەزیری بازرگانی دەرەوەی وڵات و یارمەتیدان بۆ بەرەوپێشچون

## ئامۆژگاری

ئەم بەیاننامەیە لەگەڵ بەڵگەنامەکانی گەشتەکەتدا هەڵبگرە. کاتێک دەچیتە دەرەوەی وڵات لەگەڵ خۆت بیبە.

**ئەمە بڵاوکراوەی:**

وەزارەتی تەندروستی و خۆشگوزەرانی و وەرزش

وەزارەتی داد و ئاسایش

ئایاری 2024